# چەند یەیڤێکی ئەمەگداری لە یادی شەهیدبونی پێشمەرگەی شاعیر (هەژار دیدەوانی) دا

رابەر رەشید

لەمێژە بـەدوای دەرفەتێکـدا دەگـەڕێم، چـەند وشەیەکی وەفا بۆ ئەم هاوسەنگەرەوە هەڤاڵـەی ڕۆژە سەختەکان بهۆنمەوە، بـەڵام دڕێخـیم کـرد، پێشم وایە هەرچی بنوسم لەبەرانبەر (هەژار)ی شـەهیددا هەرکەمەو ناهەقی بەرانبـەر بەمرۆیـەکی وامەزنـدا دەکەم(1).



بەڵێ، منیش بەهەمان شێوە دەڵێم هەرچـی بنوسـم تۆزی پێی گەورەیی و لەخۆبووردەیی و شۆڕشگێڕیتی ئەو کەڵە مرۆڤە بـە جەسـتە بچـوک و بەهەسـتو ویژدانو دەروون مەزنە ناشکێنم، وەلی پێشـم وایـە بێدەنگ بوون لە حزوری ساڵوەگەری شەهید بـونی ئەو هەڤاڵو هاوڕێ دێرینەم کەمتەرخـەمیو بگـرە بێوەفاییـە. هەرچـەندە هـەرکاتێ یادەوەرییـەکانی شـۆڕش و شـاخو ژیـانی وەکـو پەپولـەی وەرزی بەهاران تیـژ تێدەپـەڕن، پەپولەیـەکی سەرکێشـی وردیلانەی چاوگەش و زیتەڵ لە ئاسـتمدا ئیسـتێک دەکاتو بەدەنگێکی نیمچە کەرخو تایبەتەوە کەهەر لەدەنگی (هەژار دیدەوانی) دەچێ و بە لێکدانی باڵـە ڕەنگاورەنگـە ئـاڵای کوردسـتانییە ئاسـاکەیەو بەشانازییەوە ئەم مارشەم بۆ دەچرێ:

لەدایک بوم بەبێ گەردی
کۆرپەی چینی زەحمەتکێش و
کرێکارێکی ماندوی کوردی
کەمامان هات ناوکی بریم
بە پەنجەی پیرۆزی ئەڤین
ناویان لێنام پێشمەرگەی ژین
لە هەمان کات فاشیستەکان
بێشەکەیان لێ تێک شکاندم
مەمکی دایکیشیان هەڵبڕیم
سێدارەشیان بۆ هەڵواسیم
کاتێ پەتیان خستەملم
گوتیان فرچکی گرتووە؟



دامەقاقاو خەندەی پڕ قین
هەی گەوجینە بۆ نازانن
کۆرپەی کوردم کوردستانیم(2)

**هەژار دێدەوانی کێیە ؟**

هەژار ناوی تەواوی (محمد حەسەن عومەر)ە، لە ساڵی 1958 چاوی گەشی بۆ ژیانی پڕ لە دەردو مەینەت هەڵهێناوە. بە بنەماڵە خەڵکی بناری دیدەوانن. لە تەمەنی چوار ساڵیدا بەهۆی کۆچی دوایی باوکی لە نازی باوکایەتی بێبەش بووە. ساڵی 1966 بۆ خوێندن هاتوچۆی گوندی (کەردز)ی سەربەناحیەی قوشتەپەی کردوە. لەبەر هەژاری و نەداری دەینێرنە خانەی نەوجەوانانی هەولێرو هەر لەوێش سەرکەوتوانە خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکات. ساڵی 1977 پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە کردووە، ساڵی 1980بۆتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالستی کوردستانو چەند پلەیەکی سیاسیو عەسکەری بڕیوە. لەدەیان شەڕو داستانی قارەمانانەدا دژ بە ڕژێمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ بەشداری کردووە، بەتایبەتی شەڕەکانی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر. ساڵی 1985 لەگەڵ ئەو کادیرو پێشمەرگانەدا بوو کە(حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)یان دامەزراند. وەکو فەرماندەیەکی سیاسیو پێشمەرگایەتی کارەکانی شاری سەرشانی سەرکەوتوانە هەڵسوڕاندووەو لەهەمان کاتیشدا شیعری نوسیوەو ئەرکە ڕۆژنامەنوسیەکانیشی ئەنجامداوە.

زۆربەداخەوە لە ڕۆژی (29/ئایاری/1987)دا لە داستانی (شیلادزێ) لەدەڤەری بادینانو لەگوندی (شیف چنارک) لەگەرمەی هێرش بردندا گەیشتە کاروانی سورخەڵاتی شەهیدان.

**هەژاری شاعیرو پێشمەرگە**

لە تێکڕای شۆڕشە چەکداریو بزوتنەوە ڕزگاریخوازیەکانی جیهانو ناوچەکەو لە شۆڕشە چەکدارییەکانی خۆشماندا ئەدەبی بەرگری ڕۆڵێکی کاریگەرو پۆزەتیفانەی لە ناساندنو ورە بەخشینو فراوانکردنی بنکەی جەماوەری شۆڕشەکاندا هەبوە، ئەدەب بە هەموو بەشەکانیەوە.

هەژار دیدەوانی پێشمەرگەش هەرزوو درکی بەم لایەنە گرنگە کردوە، هەر بۆیە بەدەستێک چەکو بەدەستێکیش قەڵەمو وشەی وەکو فاکتەرێکی کاریگەر کردە بناغەی دارشتنی شێوازی خەباتی پێشمەرگانەی خۆی دەیگوت، چەک بەبێ بەکارهێنانی ئەقڵو مەعریفە لەوانەیە زیانی لە قازانجی زیاتر بێت. هەژار بە بیروباوەڕێکی

دیموکراتیانـــەی شۆرشـــگێرەوە لەســـەرنگەری بـەرخۆدانی گـەلو نەتـەوە ژێردەسـتو نیشـتمانە داگیرکراوەکەیــدا ســەنگەری لــەدوژمن گرتبـوو خۆنەویســـتانە بانگەشـــەی دابینکردنـــی دادی کۆمەڵایــەتیو رزگــاری نەتەوەکــەی لەســایەی سیستمێکی زانستیانەو پێشـکەوتنخوازانەدا دەکـردو ســـەربەخۆبوونی کوردســـتانیش بـــەمافیکی رەوای نەتەوەکـــەی دەزانـــی، هــــەروەکو لەپارچــــە هۆنراوەیەکیــدا کــە لەســاڵی 1982دا نوسـیویەتی بــەمجۆرە لــە وەلامــی نامەیەکــدا کــەوا دیــارە لەخۆشەویســـــتەکەیەوە بـــــۆی هاتبـــێو داوای گەرانەوەی لێ کردبێت، دەڵێت:

بەڵێ ئەو رۆژە دێمەوە

سەربەستی لە چیاوە بۆ شار

راماڵی تەمو مژی ئێستاو

هەوری چڵکنی سەدان ساڵ

بەڵێ ئەو رۆژە دێمەوە

دیموکراسی کۆڵان کۆڵان

لەدێ بۆ شار

بڵێ دەنگ هەڵبرە هەژار

بەڵێ ئەو رۆژە دێمەوە

سۆشیالیستی دادپەروەر بێ

دەرەبەگو سەرمایەدار

لەدار بدرێ

بەڵێ ئەو رۆژە دێمەوە

بەراتی خوێنمان ئاشتی بێ

لەگشت سوچێکی کوردستان

ئازادی بێ3.

هەژار دیدەوانی شـاعیر لەگـەڵ ئـەوەی بڕوایـەکی تەواوی بە هۆشیاری کۆمەڵایەتیو خەباتی چینایەتی چینو توێـژە رەشو روتو بەشـمەینەتەکانی شـار هەبوو، خەباتی ئاشتیانەشی بـۆ گەیشـتن بـە مـافی نەتەوایــەتیو چــینایەتیەکانی گەلەکــەی بــەرەوا دەزانی، بەلاّم ئـەو پێـی وابـوو هـەتا هەلومـەرجی بابەتیو خودی بەتەواوەتی نەرەخسێ، زۆر ئەستەمە بتــوانرێ بەدەســتی بەتاڵــەوە روبــەروی رژێمــی ئەوساکەی بەعس ببینەوە. هەربۆیەش بڕوای وابـوو کە دەبێ شۆرشی شاخ تەمومـژی سـەدان سـاڵەو هەوری چڵکنی جەورو ستەمی شار راماڵێو چـەکی پێشمەرگەی گـەل لەسـتەمی داگیرکـەران رزگـار بکــات. ئــاخر هــەژار ناحــەقی نــەبوو، چــونکە داگیرکــەرانی باشــوری کوردســتانەکەی هێنــدە خوێنرێــژو چــرنوک بــە خــوێن بــوونو تۆزقاڵێــک بەزەییو ویـژدان لـە دەرونیانـدا بـەدی نـەدەکراو لەلایــەن ولاّتــە زلهێزەکــانی جیهانــەوە بەچــەپو راستیانەوە کۆمەکو یارمەتی دەدرا.

دیــدەوانی شــاعیر هاتنــە مەیــدانی ئافرەتــانو بەشـــداریکردنیان لـــە خـــەباتی رزگـــایخوازی گەلەکەماندا بە پێداویستیەکی هەرە لەپێشی زانیووە پێی وابــووە کــە خــەبات بــەبێ بەشـداری کردنـی نیوەکــەی تــری کۆمــەڵ بەئاســانی ناگاتـــە دوا وێستگەی سەرکەوتنیو قسەی خۆشو پارانەوەیان، جگــە لـــە مـــاڵوێرانیو کۆیلـــەیی بـــەولاوە هـــیچ دەرئـەنجامێکی سودبەخشـی نابێـت، هـەروەکو لـە

هەڵبەستێکدا کە بەناونیشانی (تکامەکە)یـەو تیایـدا داوایان لێ دەکات کە دەستبەرداری دیـاردەی بـێ دەستەڵاتی پارانەوە ببن و خۆیان بەخاوەنی کێشەکە بزانن، وەکو دووپاتکردنەوەیـەکیش نـاوی چـەندین ئافرەت بەنموونە دێنێتەوە بەپەریخانەکـەی خـۆی دەڵێـت کەچـیتر تکـا نـەکاتو لەبـەر کەسـیش نەپارێتەوە، بەڵکو وەکو پـور ئامینـەو سـنەوبەرخانی راپەرینە شکۆدارەکەی قـەڵادزێ، شـێرەژنانە بێتـە مەیدانەوەو دەنگی ئافرەتانەو ناسـکی خـۆی بکاتـە زەنـگـو هەڵمـەتـو تەکانبـدا، وەکـو لەیلاقاسـمی گەرمیانی بوێرانە بێتە بەرپەتی سێدارەو تاڵەقژەکانی بکاتە پەت بـۆ ئـەو دزانـەی بازرگـانی بەکێشـەی رەوای گەلەکەمانەوە دەکەنو ماچی کوڵمەئاڵـەکانی پاکیزەیی نیشتمانی دایکمان دەدزن، هەروەکو دەڵێ:

ناپەریخان

تکامەکە تا نەگوشن، نەگووێنن

مەمکی تورتت..

تکامەکە...

تا نەدزن ماچی کوڵمت

تا نەمژن ئاوی لێوان

تکامەکە...

پارانەوەت هیچ ناگۆڕی

لەرەوشتی گەورە دزان

شۆخی شیرین

هاوزمان و هاوئازادی

پوورئامینەو سنەوبەرخان

دەنگی ناسک.. بکەن بەزەنگ

هەڵمەت.. تەکان

وەک شێرەژن

وەک لەیلاخان

تەڵی پرچت بکە بە پەت

بۆدزەکان

ئەوا منیش گرتمەبەر

لێرەواری چڕ، بێشەی شێر

رێگای سەختی هاشا نەک هەڵدێر

بۆ نیشتمان..

بۆ سەندنەوەی هەموو ماچە دزراوەکان(4)

بەڵێ هەزاری لەدوژمن یاخیو توورەو لەنێو هـەقاڵ و هاورێیانیدا نەرمونیانو دەم بەخەندەو قسەخۆشو خۆش مەشرەب باوەرناکەم لەژیانیدا کەسێکی لـێ رەنجابێ، مەگەر تـەنها دوژمنـانی گـەلو نەتـەوەو بیروباوەرەکەی کەخۆیشی هەربۆ بەرپەرچدانەوەی رەفتـارو بیروبـاوەری ئەوانـە سـەنگەری بەرەنگاربونەوەی پێشمەرگایەتی هەڵبژاردووە.

هەژار دیدەوانی پێشمەرگەو شاعیر، لەبەر ئەوەی لە روانگەیـەکی ئـەدەبی ریالیزمـەوە سـێرە نیگـای لـەواقیعی بەرجەسـتەی گەلەکـەی گرتبـوو، بۆیـە تێکرای هۆنراوەکانیشـی رەنگدانەوەیـەکی زینـدوی ئەو واقیعە تاڵە بوون. دەبا لـەم پارچـە هەڵبەسـتە وردبینەوە کە چەند بە زمـانێکی سـادەوە بـاس لـە هاتنی رۆژی جەژن دەکـاتو بـەراوردی چـۆنیەتی بەرێکردنی ئەو رۆژە لای ئەوی پێشمەرگەو دووری لەبەزمی خواردنو خواردنەوەو وەرگرتنی جەژنانەی ماچو موچێ کـە لـەو رۆژەدا پێشـکەش دەکـرێنو

دەخـــورێنو دەخورێنـــەوەو ئـــەمی پێشـــمەرگەی پارتیزان لێیان بێ بەشە، کەلەراستیدا لای هــەژاری پێشـــمەرگە، ئــەو ڕۆژە جــەژنی ڕاســتەقینەیە کــە نیشــتمانی دایــک ئــازاد بــێو هەڵبــژاردنی ئــەو ڕێگایەشو هەڵمزینی بۆنی گوللەو بــارووتو زرەی زنجیــری تانــکو زرێپــۆش جــوانترینو خۆشــترین ئـــــاوازی ســــەنگەری بـــــەرخۆدانی گەلـــــە

چەوساوەکەیەتی، کاتێ دەڵێ:

بەیانی هەڵسام سەرم سورما

کاتێ پێیان گوتم جەژنە!...

دامە قاقای پێکەنین و

ئەی کوانێ جەژنانەو خەندە!

بزەی لێوان ماچی ئەڤین

بۆچی بەندە؟

سەیری ڕیشم... پێستی قلیشاو

جلی بەرم نەک هەردراو

بۆرو چلکن!..

چۆن وانەبم..

منی پێشمەرگەی پارتیزان

نانی جەژنانەش دەبێ چی بێ..

بیر لە گۆشت و پلاو مەکە!

قەیسی و.. بامییە.. یامیوەجات

نانی فرنی..کێک.کولیچە

یا سەمونو کوبەو دۆڵمە

سینگی مریشکی لەسەربێ

یاخواردنی پڕ ئاواز

خواردنەوەی تاڵ، پڕناز

کە ناویان بۆتە قاچاغ

بۆ سەیرە نان و جەژنانە

نەرەی زنجیرەی زریپۆش

هەڵمەتی پڕ لە شێرانە

گوللە و.. باروت.. دوکەڵی چێشت

نەک هەوری چێشت

بەڵام بۆ منی پارتیزان

بونەتە جێگای شانازی

تا گەل بەئاواتی دەگا

من و جەژن.. جەژنانەی چی

منی پێشمەرگەی سۆشیالیست

جەژنی من سەربەستی گەلە

ئەوڕۆژەیە ئازادمان بێ..(5).

خــۆ ئەگــەر هــەژاری شــاعیرو پێشــمەرگە ئێســتا لەگەڵماندا بوایە، ئەمرۆکەی نەمانی دیکتاتۆریــەتو باڵاکردنی پرسی نەتەوەکەی لەسەر ئاستی نــاوخۆو دەرەوە ببینیایە، بەجــەژنی خــۆی دەزانــی، چــونکە سەنگەر گرتنی ئــەوو هــەزارانی وەک ئــەو بــۆ بــۆ لەدایک بوونی ئەم ڕۆژی ئازادییە بوو.

**هەژار دیدەوانی پێشمەرگەو**

**ڕیزگرتنی گەورە تێکۆشەران**

یەکێک لەو سەرکردە گەورانەی هەژار دێدەوانی لە ژیانیدا شانازی پێوە کــردووە بەرابــەرو مامۆســتای خــۆی زانیــوە، شــەهیدی ســەرکردەو ئــەدیبو سیاسەتمەداری ناســراوی گەلەکــەمانو ســکرتێرو دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردســتانو حزبــی سۆشیالیســتی کوردســتان (ســەیدا صــالح

یوسـفی)یــە، هەرچــەندە باوەڕناکــەم هــەژاری پێشمەرگە لەنزیکـەوە سـەیدای بینیبـێ‌و ناسـیبێ، بــەڵکو تــەنها وەکــو ســەرکردەیەکی تێکۆشــەری گەلەکـەی کاتــێ بــەپیلانی جــەلادەکانی بەغـداد لەبەردەم ماڵەکەی خـۆی شـەهید دەکـرێ، ئیـدی هەژاری دڵناسکـو دەرون لیوان لیو لەسـۆز، هیچـی پێ نامێنێ تەنها قەڵەمەکەیو بەڵێن نوێکردنـەوەی بۆ درێـژە پێـدانی رێبـازە پێشـکەوتوخوازەییەکەی نەبێ، بەتایبەتیش کاتێ ئەو راستییە ئاشکرا دەبێـت کە(سەیدای مەزن) بەنهێنی لـەکۆنگرەی یەکـەمی حزبـی سۆسیالیســت بەســکرتێری ئــەو حزبــە هەڵدەبژێردرێ. هەژار لەچەندین پارچە هـۆنراوەدا ئــەو خۆشەویســتیە راســتەقینەیەی دەربڕیــوە. لەبەشێکی هۆنراوەی (سرودی زەحمەتکێشان) دەڵێ:

:

سەیدای مەزن..
تۆ کەی مردووی
ئەی هەڵگری ئاڵای بەرزی
سۆشیالیزم
ئەی مامۆستا..ئەی رابەرمان
پێشەنگی کاروانی خەبات
ئەی شۆڕشڤان...
***
پێشمەرگەی رێگای خەبات و
تامەزرۆی ئاشتی و ئازادی
کرێکاری خاوەن چەکوش
جوتیاری کێڵگەو شانازی
زەحمەتکێشی بیری نوێ
بیری نوێی سۆشیالیستی
پەیمانیاندا..
رێبازی رەسەنت ون نەکەن
مێشکی ناحەزانت شـەق کـەن...(تادەگاتـە ئـەوەی دەڵێ ):
بەڵێ سەیدا سالح یوسفی
لەگەڵ کاروانی رەوتی مێژوو
بەرەو پیری سۆشیالیزم
وەسیەت نامە رێنمایەکانت هاندەرن
بەرەو ئازادی وادەڕۆین
لەگۆڕ ئێستاش
تۆی بلیمەت رێبەرمانی
ئێمە هەموو قوتابی تۆین
بەرەو ئازادی دەڕۆین(6)

هەژارو ئەمەکداری بەرامبەر هاورێ شەهیدەکانی دیـدەوانی شــاعیر چـونکە لــە ناخــەوە مرۆیــەکی راستگۆو بەئەمــەک بـوو لـەو چـەند هۆنراوەیـەی کەلەناملیکە شیعرییەکەیدا (ئەستێرەی دیدەوان)دا بلاوکراوەتەوە، چەند هەڵبەستێکی بۆ گیـانی بـەرزە فری هەڤاڵە شـەهیدەکانی نوسـیوە، وەکـو سـەیداو شەهید چـەتۆو شـەهید سـەلاحو شـەهید قـەهار. لەهەڵبەستی (ئەستێرە)دا لەناخــەوە گریـان بـەری ئەوکی دەگـرێ‌و ژانــی لــەدایکبوونی هۆنراوەیــەک دینێتە زمان:
ئەمجارەیان ئەستێرەیەک
لەبناری قەندیل پرژا
لە (ئێندزە) شۆرشگێرێک

شۆڕە سوارێکی زەحمەتکێش
شەهید کرا...(تادەگاتەئەوەی دەڵێ):
ئای لەو موچورکە بەسامەی
خوێنی لەگیانیشم تکاند
گیانی بەرزی سەلاح فڕی
ڕووەو پایەگای شەهیدان..(7)

هەروەها لە هۆنراوەی (پێشکەش بەچەتۆی نـەمر)، کەوا پێدەچێ لـە بنەڕەتـدا هۆنراوەکـە بێناونیشـان بوبێ، بۆیە ئەم ناونیشـانەی بـۆ دانرابـێ. هـەژاری شەهید لەو هەڵبەستەدا دادو فیغانی ناخی خۆی بـۆ مامۆستا چەتۆی شـەهید دەردەبـڕێ و لەبەشـێکیدا دەڵێت:

لەژووری گشتماڵێکەوە
لەبارەگای ڕێبواران و
لەدوندی گشت شاخێکەوە
واکاروان دێ و
کاروانی سوور..تارای زیوین
ئەم دێهاتە دوو گردکانە
دەسەیرکە هۆ قارەمان
بەدواتەوە حەشاماتە
پۆل پۆل..
بەچەپکە گوڵ..
دوژمنان ئێوەش سەیرکەن
کاکە چەتۆی مامۆستایان
لەناویاندا..
لەسەر شان و..
لەنێو مێشک و دڵیاندا
وێنەی سێدارە دەکێشێ(8)

لە هۆنراوەی (بوکی تارای سوور)یشدا کە بەتایبەتی بەداسـتانە پڕلـە سـەروەرییەکەی (ترپەسـپیان)و پێشکەشی کردووەبە شەهید (قەهار عزیز)، چـونکە لەداسـتانەکەدا شـەهید قـەهاری سـەرکردە شەهیدبوو. لەبەشێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

دەسەیرکەن
ترپەسپیان چۆن ڕوو سوورە..چۆن شەهیدە
چۆن بوکی دەشتی هەولێر..تارای خوێنە
موژدەیەکی لەدایک بووی
ناخی دڵی ڕەنجدەرە
چۆن پەیامە..
دەسەیرکەن
لە سینگوڕکی دابێژراوی.. شێرە کوڕی
گۆڤەندەکەی ڕەنگی ئاڵە..
داهاتووەکەی
تۆمارێکی مێژووی کوردە و
هیوا چەکەرەی تیادەکا
ئالەوکاتە
)هێرش و هەڤاڵ)دێن
دەڵێن باوکمان لەسەرچۆپی
نێوگۆڤەندو شایی سووری ترپەسپیان
شەهیدکرا(9)

**هەژار دیدەوانی خاوەن زمانێکی تەڕو پاراوی شاعیرانە بوو**

یـەکێک لەگـەورە بیریـاران لەوتەیەکیـدا دەڵـێ: (بیروبـاوەڕو هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ ڕەنگدانـەوەی

واقعیەتی) گەر لە کلاورۆژنەی ئەم ووتەیەی سەرەوە رۆبچینە نێو ئەم چەند هۆنراوەیەی هەژار دێدەوانی شاعیرەوە، دەبینین لە پاڵ وشەو زاراوەی شۆرشگێری‌و بورکان ئاسادا دەیان وشەی تەرو ناسکی عاشقانەو بەرەو جێ ژوانی پەنا لەودەو کاتی مەردۆشینو بەی گوشینو ماچی کوڵمی ئاڵی دەزگیرانانەمان دەبەنەوە.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەژاری پێشمەرگە سەرەرای ئەو درندایەتی‌و توندوتیژیەی دوژمنەکەی، کەچی ئەو وەکو کەسێکی هەست ناسک و وێرای دەست لەملانێی شەوو رۆژی کلاشینکۆفەکەی کە خوێن رقو تورەیی لێباریوە، وەلێ ئەو زۆر ژیرانە هەتا وشە تورەو رقە پۆلاینو گرگرتوەکانیش ئاوێتەی بزەی لێوانو هیوای گەشی دوا رۆژی پرشنگدارو تامو چێژی عاشقانەی کردووە، هۆشیارانەش مامەڵەی لەگەڵ دارشتنی وشەکانی لەتەکیەکدا کردووە هاوسەنگیەکی شاعیرانەشی پێ بەخشیونو وەستایانە لەهاوشانی یەکدا رێزبەندی کردوونو بەجۆرێک کەهیچیان ئەویتر رەت نەکەنەوەو هەموو پێکەوە لەچوارچێوەی بنەمای یەکێتیی بابەتیدا گرد بکاتەوە سەر یەکو واتایەک ببەخشن کە لەلای خوێنەر نامۆ نەبنو تامو چێژێکی تایبەتیان هەبێت.

**یادەوەرییەکانم لەگەڵ هەژار دیدەوانی**

وەک رۆژنامەنوسێکی دەست رەنگینو قسەخۆش هەژار دیدەوانی وەکو بەرپرسێک لەریزی پێشمەرگایەتی، رۆژنامەنوسێک لەبواری رۆژنامەگەری شاخدا رۆڵێکی کاراو بەرچاوی هەبوو، من بەدرێژایی ئەو دوو ساڵەی کە لەگەڵیدا ژیاوم زۆر لەنزیکەوە هەژارم ناسیوەو مامەڵەی هاورێیانەمان لەگەڵ یەکتریدا کردووە، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە ئەو بەرپرسی هێزی بەرانەتی بوو، دوای ئەوەی لەکۆتایی ساڵو زستانی 1986 بارەگای سەرکرایەتیمان لەبناری چیای (پێرس)ەوە بۆ گەلی توبای ناوچەی زێبارەتی گواستەوە هێزەکەی ئەو لەلایەن سەرکردایەتییەوە وەکو حیمایەی بارەگاکانی راگەیاندن دەست نیشانکرا لەوێ زۆر لەنزیکەوە یەکتریمان ناسی رۆژێکیان لەگەرمەی تایپکردنی ژمارە (3)ی گۆڤاری "پێشکەوتن"دا بووین ئەوکاتە "کاک ئاسۆ حەسەن، مامۆستا دارا، شەهید هەڵمەت، مەریوان، خەسرەو، من" ئەندامانو ستافی راگەیاندن بووین، لەوکاتەدا بابەتێکمان لێبراو هەریەکەمان کەوتینە خەمی دۆزینەوەی نوسینی بابەتێکی شیاو کەمایەی بلاوکردنەوە بێت، لەوکاتەدا هەژار پرسی: چالاکی پێشمەرگە دەبێت؟ کاک ئاسۆ وەلامی دایەوە چۆن چالاکییەک؟ ئەویش وتی "وەکو دانانەوەی سەیتەرە لەسەر جادەی گشتیو شتێکی لەو بابەتە، هەمووومان بیروکەکەمان پی باش بوو، ئەوە بوو هەر لەوێ هەژار چالاکیەکی پێشمەرگانەی خۆی کردە بابەتێک لەو لاپەرەیەدا بلاوکرایەوە کە بەبەتاڵی مابۆوە، هەژار بەچەندین ناوو نازناوێک بابەتی بلاودەکردەوە، وەکو (هەژار، دێدەوانی، م.سەنگەرو هیتریش) لەو یادەوەریانەی کە لەخەیاڵمدا

بەزیندویتی ماونەتەوەو دڵنیاشم هەر دەمێنێتەوە، ئەو شۆخیانە بوو کە لەگەڵ (هەژار دیدەوانی)دا دەمانکرد. هەژار پیتی (ح)ی بە (ع)و بەپێچەوانەوەش (ع)ی بە (ح) دەخوێندەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بەرپرسیاری پێشمەرگەکانی بارەگای راگەیاندن بوو، ئێواران لەکاتی دانانی حەرەسیاتی شەو، کاتێ پێشمەرگەکانی ئاگادار دەکردەوە کە گوێ لەناوەکانیان بگرن و بزانن هەریەکەو چ کاتژمێرێک نۆرەی حەرەسیاتی بەردەکەوێ، ئەو لەجیاتی وشەی (حەرەسیات)، (عەرەسیات)ی بەکار دەهێناو کاتێ بەخۆی دەزانی لێمان لەهەلا دەداو تاوای لێهات لەجیاتی وشەی (حەرەسیات) وشەی (نیگەهبان)ی فارسی بەکار دەهێناو دەیگوت لەترسی ئەو کەرکوکیانە خەریکە زمانەکەی خۆشم لەبیر بکەم، هەژار یەکێک بوو لەوانەی کەهەتا بڵێی ئارەزووی خوێندنەوەی هەبوو زۆریش حەزی لەگاڵتەو گەپ بوو، شەوێکیان تازە رۆمانەکەی (حەمەدۆک)م تەواو کردبوو، هەواڵێکمان بۆهات کە گوایە سبەینێ جەیش و جاش هێرش دەکەنە سەر ناوچەی دەشتی نەهلە، بۆیە زۆرم تکا لەکاک ئاسۆ کرد کە خۆشی سەرەرای بەرپرسیاری راگەیاندن ئەویش حەزی لەجەولە بوو، منیش لەگەڵ ئەو هێزەدا بنێرێت، هەژار بۆ ئەوەی تۆڵەی شۆخیەکانی خۆی لەمن بکاتەوەو رووی لە هاورێیان کردو گوتی: هاورێیان ئێوە لێرە بۆخۆتان دانیشن و سەیری (عەمەدوک)، ببورن سەیری رابەر بکەن بزانن چ دەکات !!

منیش پێکەنیم و گوتم: (عەمەدۆک) نا (حەمەدۆک)، ئیدی هەموو دایانە قاقای پێکەنین، ئای بۆ ئەو رۆژە سەختانەی کە پێشمەرگە پێشمەرگە بوو، لەناخەوە یەکتریمان خۆشدەویست، هەژاریش یەکێک بوو لەو خۆشەویستانەی هەزاران حەیف و مخابن لەداستانێکی پڕ لەسەروەریانەی دژی پێگەی سەربازی و جاشەکانی بەعس، لە (1987/5/29) لەداستانی (شیلادزێ)و لەگوندی (شیف چنارک) لەگەرمەی هێرش بردندا بۆسەر مۆڵگەی دوژمن شەهید بوو، گەیشتە کاروانی سورخەلاتی شەهیدان، هەزاران چەپکە گوڵ و سڵاوی پر لە میهرو خۆشەویستی بۆ یادی پر لەشکۆی هەژار دیدەوانی شاعیرو پێشمەرگەو تێکۆشەر. ئومێدەواریشم هاورێیانی پێشمەرگەو حزبە تێکۆشەرەکەی، خانەوادەکەی لەیاد نەکەن و هاوکاری تەوایان بکەن، چونکە خوێنی ئاڵی هەژارو هەژارەکانی وەک ئەو بوونە سەرچاوەی سەرکەوتنە مەزنەکان و لەدایکبوونی رۆژگارێکی نوێ.

## پەراوێزەکان:

(1) **ئەستێرەی دێدەوان، پەیڤێک بیرەوەری و وەفا (کاکل حەسەن) ل**6.

(2) **ئەستێرەی دیدەوان، ل**14.

(3) **هەمان سەرچاوە ل**20

(4) **هەمان سەرچاوە ل**29-40

(5) **هەمان سەرچاوە ل**24-25.

(6) **هەمان سەرچاوە ل** 17-18.

(7) **هەمان سەرچاوە ل** 21-22.

(8) **هەمان سەرچاوە ل** 37-38.

(9)**هەمان سەرچاوە ل** 43.